# رژێمی تورکـــیا، بێحورمەتی بە تەرمەکانیشمان دەکات !!

**حسێن خۆشناو**

■ لە ٣٠ ئابی ساڵی ١٩٣٠دا "عصمت پاشا"ی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بە بۆنەی کردنەوەی هێڵی شەمەندەفەری "سیواس"، وتارێکی پێشکەش کرد کە تیایدا وتی : (تەنها نەتەوەی تورك مافی ئەوەی هەیە کە داوای مافی نەتەوایەتی و رەگەزی خۆی بکات لەم ولاتە. . . خەڵکانی دیکەی ئەم ولاتە ئەم مافەیان نییە) . !، وەزیری دادی ئەوکاتەی حکومەتی تورکیا "محمود اسعد بگ"یش لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەرامبەر جەماوەرکەی لە "ئەدیمش" لە وتارەکەیدا وتی : (ئێمە لە تورکیا دەژین کە لە هەموو ولاتەکانی دونیادا زیاتر ئازادی هەیە. نوێنەرەکەتان ئەوەی کە ئێستا بۆتان دەدوێت راستی بیرو بۆچوون و هزرەکانی لێتان ناشارێتەوە، کە "تەنها مرۆڤی تورك بەتەنهایی خاوەنی ئەم ولاتەیە و هەموو مافێکی هەیە. . بەڵام خەڵکانی تر کە بەرگەز تورك نیین، تەنها یەك مافیان لەم ولاتە هەیە ئەویش کوێلەو خزمەتکارمان بن. بائەمەش دۆست و دووژمن بیزانێت، و چیاکانیش بیزانن) ".

بەم پێشەکیە کورتە بۆمان دەردەکەوێت کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی تورکیاو رژێمەکەی تاکو ئێستا تا چ رادەیەك فاشیست و رەگەز پەرست ودڵ پڕ لە قینن بەرامبەر بە نەتەوەی کورد و مافە رەواکانی.

دوای ئەوەی کە بەئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا دوواخرا، تورکەکان گەیشتنە ئەو راستییە کە لەوانەیە بەئەندامبوونیان ببێتە مەحاڵ وهەروەك خەونێك بمێنێتەوە، ئەمەش لەبەر چەند هۆی سەرەکی بەتایبەتی دوای ئەوەی کە نەیانتوانی تەنها تۆسقاڵێك لە دیموکراتی و ئازادی بۆ گەلی کورد دابین بکەن وچیتر مافی مرۆ٪ پێشێل نەکەن.

رژێمی تورکیا بۆ خۆ رزگارکردن لە ئیفلاسی سیاسی و ئابووری ئێستا لەوپەڕی پێویستی دایە بۆ ئەڵتەرناتیفێکی تر.

لە ژێر پەردەی بەشداری کردنی سەربازی دژی رژێمی فاشیستی بەغداو هاوکاری هێزەکانی ئەمریکا بۆ روخانی سەددام حوسێن، سەرقاڵی پیلانگێران و واخریکە دەرفەتێکیان بۆ رێك دەخرێت بۆ ئەوەی کوردستانی باشوور داگیر بکەن، و ئەو ئەزموونە ئازادەی هەیە لەناوی بەرن وبەتاڵان بیکەنە حەلاڵی نەوەکانی ئەتاتورك و ترسی دروست بوونی قەوارێکی سیاسی کوردی لەسەریان نەمێنێت و جارێکی تر بەداگیرکردنی (کەرکوك و موسڵ) و (نەوتی کوردستان) خەونە گلاوەکانیان بێتە دی، بەتایبەتی پاش نزیك بوونەوەی هەردوو دەسەلاتی کوردی (زەرد وسەوز) و یەکبوونی وتاری سیاسیان و پێداگرتنیان لە سەر مافی فیدرالیەت بۆ نەتەوەی کورد.

جێگای پێکەنینە ئەوانەی ئیمرۆ لە تورکیا باس لە دیموکراتی دەکەن لە فیدرالی کورد دەترسن!!! و مافی ئەوشیان بەخۆیان داوە کە ٢٠ ملیۆن کورد بچەوسێننەوە!! وەدیانەوێت بۆ ٥٠٠ ساڵی تریش نەتەوەی کورد لە سەدەی بیستویەکدا ژێردەست بکەن و ماڵ وحاڵ وشەرفی داگیر وهەتك بکەن.

لە سایەی ئەو رژێمە دوواکەوتووە و ئەو سیاسەتە گەندەڵە، بەپێی دووایین راپۆرتی ناوەندی لێکۆلینەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە تیادا هاتووە: تورکەکان باری گوزەرانی ژیانیان لە رۆژگاری ئێستا لەهەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان خراپترە. وەدڵێت تەنها لە 4% خەڵك لەولاتەکەیان رازین و ئەوی تریش نا رازین، هەروەها هاتووە : زیاتر لە نیوەی خەڵکی تورکیا لە کارەکانیان رازی نیین وخۆش بەخت نیین، وکێشەی ئابووری بەهۆی شەڕی نیوان رژێمی تورکیا وکوردەکان زۆر بەرەو خراپی چووە، لەبارەی ژیانیش، تورکیا ولاتێکی زۆر خراپە، لە کۆتایی لێکۆلینەوەکە دا هاتووە: جگە لەوەی کە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کورد لە تورکیا دەژین و مافیان نییە بە زمانی زگماکی خۆیان بدوێن، کوردو ئاشوری وئەرمەنیەکان هیچ مافێکی کلتووری ونەتەوایەتیان نییە، وزۆریان لێ دەکرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ کلتووری تورکی خۆیان بگونجێنن. "کۆتایی راپۆرتەکە"

٢٠ ملیۆن کورد دەچەوسێننەوە و دەیانەوێت بیکەن بە ٢٤ ملیۆن! بە ماردین ودیاربەکر و شرناخ وسیرت وسیواس و وان وهتد. . . . . دڵیان ئاوا ناخواتەوە! دەیانەوێت هەولێرو سلێمانی وکەرکوك وموسڵ داگیر بکەن!.



www.kurdistannet.org

هیچ كاتێك رژێمی توركیا جێی متمانەی و باوەڕ نەبووە بەتایبەتی بۆ هێنانەدی و جێ بەجێكردنی بەڵێن و رێكەوتنەكانی، كەباس لەوە دەكات تەنها بۆ روخانی سەددام حسین نیازی وایە بچێتە ناو خاكی كوردستان و بۆ ماویەكی كەم دەمێنێتەوە!، تەنها پیلانێكی تری هەڵخەڵەتێنە وهەموومان باش ئەنجامەكەی دەزانیین و (قوبرس) یش باشترین نموونەیە.

گەر بێت و توركیا بچێتە نێو كوردستان و لە شەڕی ئەمریكادا دوو دلۆپە خوێن بدات و جێی پێی لەكوردستانی باشوور بكاتەوە ئەوا ئیتر ئەوكاتە دەردەچێت كە كوردستان یەك كوردیش بۆ دەرمان تیا نەمێنێت و سەرتاسەری ببێت بە توركمان!

هێشتا هیچ نەبووە داوای نەوتی كەركوك ولایەتی موسڵ دەكات و گوایە لە كوردستانی عێراق دوو ملیۆن توركمان هەیە!.

ئەی ئەگر بێتو ئالآ خوێناوی و ناحەزەكەی لەسەر قەڵای هەولێرو كەركووك ورواندوز بشەكێتەوە! ئەوا ئێمەی كورد ئەبێت بڵێن هەزار رەحمەت لە (كفن دز) (ئاو بێنە ودەست بشۆ) مانەوەی توركیا بۆ حەوت پیشتی دیكەش مسۆگەر دەبێت و تا دووا دلۆپەی نەوت لە كوردستان ئەبین بە كوێلە و خزمەتكار و بەندی توركیا و میتەكانی، بۆ ئەو مەبەستەش سەدان سیناریۆو پیلان دارشتراوە هەروەك بۆ نموونە:

میتەكانی توركیا هەڵدەستن بە كووشتنی چەند توركمانێك و سووتاندنی چەند خانوو بەرێكی توركمانەكان لە هەولێر و كەركوك و هتد. . . ئینجا بە هۆی میدیای جیهانەوە دەیكەن بە هەڵا گوایە كوردەكان تیرۆریستن و توركمان دەكوژن و زوڵمیان لێ دەكەن!، توركمانەكان پێویستیان بە پاراستنی حكومەتی توركیا هەیە!، ئەمەو دەیان برویبانوی دیكەی ئامادەكراوە بۆ مانەوەیان.

بێگومان، ئەمریكا باش ئاگاداری پیلانەكانی توركیایە و زۆر چاك لە نیازە گلاوەكانی تێگەیشتووە، جێگای داخیشە كە ئەمریكا رازیە بەم وەزعە بەشەرتێك نەوتی عێراق بەشی شێری بۆ ئەو بێت، جا بۆ نا !؟ نە خاك خاكی ئەوە و نە نەوت موڵكی ئەوە و نەكوردیش میللەتی ئەوە.

ئەمەش نمونەیەكی دیكەی وەحشییەتی رژێمی توركیا:

توركیایەك كە بێ حورمەتی و سووكایەتی بە مردووكان بكات ئەبێ چ لە ئێمەی زیندو ودوژمن وخاوەن نەوت بكات؟.

گەر ئێمە بمانەوێت نموونەو بەڵگەی فاشیستی و وەحشییەتی رژێمی توركیا گەلێك زۆرن بۆ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك مامەڵە و باوەڕی پێ نەكەین.

رۆژانە لە بنكەی خابوری سنووری نێوان كوردستان وتوركیا بە سەدان هاوڵاتی كورد بێحورمەتی و سووكایەتیان پێ دەكرێت و ئازاری دەروونیان دەدەرێت، رژێمە بۆگەنەكەی توركیا بێحورمەتی بە تەرمەكانیشمان دەكات وناهێڵێت بەخاكی نیشتمان شاد بكرێنەوە، لە ئیتالیا (ئەنوەر رەحیم محمود ئەمین) كە بە كارەساتی ئۆتۆمێل گیانی لەدەستدەداو هەردوو منداڵەكەی بریندار دبن و خێزانەی بەسەلامەتی رزگاری دەبێت، لە رۆژی ٢١\١٢\٢٠٠٢دا بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (ئافرەتێك ودوو منداڵ) بە ئۆتۆمبێلێك دەگەنە بنكەی خابور بەنیازی پەرینەوە و بردنی لاشەی خوالیخۆشبوو"ئەمین"بۆ شاری سلێمانی و ناشتنی لەوێ، لە بنكەی ناوبراو رێگەیان نادەن بیپەڕنەوە گوایە لەبەر ئەوەی منداڵەكان رەگەزنامەی ئیتالی یان هەیە!!.

### تێبینی كوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیمان بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە بەلآم بەهۆە بڕوابونمان بە ئازادی دەربرینەوە، بلاویدەكەینەوە.... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم رێگایە ......... ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت.. ١٥-١-٢٠٠٣......

www.kurdistannet.org